**بەڕێزان بەرهەم ساڵەح و مستەفا کازمی دەست بەجێ داوای لێبوردن بکەن لە یادی هەڵەبجەو ئەنفالدا**

عەلی مەحمود محەمەد

عێراقیەکان توڕەن لەوەی سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا ترامپ, لەبەر ئەوەی 4 لە بلاك وتەری ئازاد کرد, کە تۆمەتبار بوون بە کوشتنی 14 هاووڵاتی سڤیلی عێراقی لە گۆڕەپانی نسور لە سەپتەمبەری 2007, هەرچەندە کۆمپانیاکە بۆ هەر کوژراوێك جگە لە یەکیان 100000 دۆلارو بریندارەکانیش هەر یەکەی 50000 دۆلار قەرەبووی ژماردووە.

لەسەر دانانی ئاڵای کۆنی عێراقی لە کۆبونەوەی نێوان شاندی حکومەتی ئوردن و عێراق, وەزیری کشت و کاڵی عێراقی محەمەد خەفاجی داوای لە حکومەتی ئوردنی کرد, داوای لێبوردن بکات. کەچی حکومەتی ئێستا کە میراتگیری حکومەتی بەعسە, وەلێ ئامادە نییە داوای لێبوردن لە قوربانیانی تاوانەکان رابردوو بکات, کە 16 کەس نین, بەڵکە دەیان هەزاری ئەو ژمارەیەیە, وە نە ئاڵایەکی بە هەڵە داناوە, بەڵکە 4049 گوندی لە گەڵ زەوی تەخت کردووە, 185 گوندو شاری کیمیابارانکردووە, نزیك ملیۆنێك هاووڵاتی کۆمەڵکوژ کردووە, ژێر بیابانە پان و بەرینەکانی عێراقی تژی کردووە لە روفاتی قوربانیان, لە کوێوە هەڵدەکۆڵیت ئێسك و پرۆسکی مرۆڤت بۆ دەرەکەوێت, وڵات بۆتە گۆڕێکی بە کۆمەڵی پان و بەرین.

کلتوری داوای لێبوردن کردن, کلتورێکی مرۆڤدۆستانەی مۆدێرنە, کلتوری کۆتایی کەلە رەقی سستەمی دەرەبەگایەتی پیاوسالارییە, هەست کردنە بە هەڵەی رابردوو, دان پێنانە بە تاوان, پاککردنەوەی ویژدان و رزگاربوونە لە دڕندەیی, هەموو کەس ناتوانێت خۆی لە دڕندەییەکان رابردوو پاك بکاتەوە.

18 ساڵە لە هەمبەر ئەو تاوانانەی لە رابردوودا دەوڵەتی عێراق بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان ئەنجامی داوە، داوا دەکرێت سەرۆك کۆماری عێراق وەك رەمزی باڵای وڵات داوای لێبوردن بکات.

ئەرکی جەنابی تاڵەبانی و بارزانی و فوئاد مەعسوم بوو پێشتر ئەم کارە بکەن،" بارزانی مانگێك بووە سەرۆك کۆمار" دەبوایە ئەو ئەرکەیان جێبەجێ بکردبایا، دەیان جار ئەم داوایەی بەرەو رویان کرایەوە، کەچی وەڵام نەبوو، ئەوان نەیانتوانی بە ئەرکی ئەخلاقی خۆیان هەڵبستن و سەروەریەك بۆ مرۆڤایەتی و مێژوو تۆمار بکەن،

داواکارییەکە تەنها بۆ کورد نەبوو بەڵکە بۆ مرۆڤایەتی بوو، ناویان لە ریزی ئەوانەدا تۆمار دەکرا لە وڵاتانی خۆیان بەو شێوە هەڵوێستە مرۆیانە هەڵستاون، مێژوو لە یادیان ناکات, چەندین بۆنەیە هەمان داوا لە دکتۆر بەرهەمساڵحیش دەکرێت, جارێکی دیکە بە جوتە هەمان داواکاری دەخەینە بەردەست دکتۆر بەرهەم سەرۆك کۆماری عێراق و مستەفا کازمی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی, لەکاتێك ئێوە باش دەزانن ئەرکە بەناوی دەوڵەتی عێراقەوە بەم کارە هەڵبستن, ئێمە پێویستمان بە وتەی سۆزداری و کردەی پۆپۆلیستی نییە, ئێمە دەمانەوێت لە گەڵ مێژووی ئەم وڵاتە ئاشتمان بکەنەوەو هاوکات دڵنیاشمان بکەنەوە ئەوجۆرە تاوانانە لە داهاتوودا دوبارە نابنەوە, بەوەی داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکرێت, بەڵگەنامە شاراوەکانی رابردوو ئازاد بکرێن, تۆمەتباران دادگایی بکرێن, عێراق ببێتە ئەندامی دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی, قەرەبووی قوربانیان بکرێتەوەو مۆنمێنتی یاداوەری بۆ سەرجەم قوربانیان دروست بکرێت.

لەم مەڵبەندەی جینۆسایدە کە ناوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و ئەم وڵاتەی ئێمە کە ناوی کوردستانە، شوێنێك پنتێك نییە بۆ لێبوردەیی مرۆڤەکان، روباری خوێن، دنیایەك هەڵە، وەحشیەت, بونەتە بەشێك لە کلتوری هەرێمەکە, بۆیە دان نان بە راستییە تاڵەکان رابردوو و ئێستا و داوای لێبوردن کردن بەشێکە لە سارێژی برینەکان, هەنگاوێکە رو لە ئایندە.

مێژوویەك ئێمە دەبەستێتەوە بەم وڵاتانەوە کە لە ناو خوێن و ئێسك و پروسکدا غەرق بووە، بۆ سڕینەوەی ئەو تاڵیانە پێویستمان بە دادپەروەرییە، لێ دادپەروەری و ئاشتەوایی پێکەوە گرێدراون، بە بێ یەکەم ئەنجامدانی دووەم زەلالەتە و هەرگیز بەدی نایات، وەك ئەوەی سیاسیەکانی کورد دەیکەن، لێبوردەیی هەموو کات دوای دان نان بە راستیەکانی تاوانەکان و دادپەروەرییەوە دێت، تاوانبار و قوربانیەکان لە ئاوێنەی دەرخستنی هەقیقەت و راستیەکانی رابردوەوە وەك ئەوەی هەن دەردەکەون نەك وەك ئەوەی لە تاوانەکانی رابردوو بشورێنەوە، کارێکی زۆر ناشایستەو ناڕەوایە داوا لە قوربانیانی تاوانەکان بکرێت ئاشتەوایی بکەن، لە کاتێکدا هێشتا دادوەری بە ڕۆڵی خۆی هەڵنەسابێت و دان بە راستیەکان و هەقیقەتی تاوانەکان نەنرابێت و تاوانباران دادگایی نەکرابێتن لە پێناو رزگار نەبوون لە سزاو بە دکۆمێنت کردنی تاوانەکان و دەرخستنی راستیەکان و نووسینەوەی روداوە تاڵەکان !!.

لە ئەزموونی خوارووی ئافریقیاوە فێر بین کە"باسکردنی سەرچاوەی تاوانەکان، دانپێنان، قەرەبووکردنەوە، دان نان بەو تاوان و ئەو کارەساتانەی لە رابردوو روویان داوە، هەندێك جار زۆر پڕ بایەخترە لە زانینی حەقیقەتەکانی بابەتەکە، ئەگەر چی مەرج نییە هەموو ئەو کەسانەی کە ئازاریان چەشتووە پێویستیان بە داوای لێبوردن

کردن هەبێت بەشێوەیەکی ڕەسمی تا ناکۆکیەکان ڕابردوو لەبیر خۆیان ببەنەوە، لێکۆڵینەوە لە پرۆسەی لێخۆش بوونی "کۆمسیۆنی حەقیقەت و پێکهاتنەوە لە باشووری ئافریقا" ئەوە پیشان دەدات کە قەبوڵکردنی سەرەنجامەکان تا ئەندازەیەکی زۆر زیاد دەکات، کاتێك قوربانیانیان کەسوکاری قوربانیەکان دانپێنانێك و داوای لێبووردنێکی شەرعییان پێ دەگات. "پێکهاتنەوە چارلس ڤیلا ڤیسیستۆ".

قەرەبووکردنەوە تەنها پاداشتی مادی نییە لە بەرامبەر ئەو زیانانەی لە قوربانیان کەوتووە, بەڵکە خۆی لە پاداشتی مادی یان ڕەمزی یان پێکەوە دەبینێتەوە, ڕەنگە پاداشتی دارایی بێت یان پۆزش و داوای لێبووردنکردن بێت لە قوربانیان یاخود هەردووکیان پێکەوە, نابێت لە یادمان بچێت کە بژاردن هەم قەرەبووکردنەوەیە و هەم پەیمانیشە بۆ دوبارە نەکردنەوەی تاوانەکانی ڕابردوو لە ئاینده, ئێمە لەم مەڵبەندی جینۆسایدە پێویستمان بەمەیان زیاترە کە روداوەکان رابردوو دوبارە نەکرێنەوە, جارێکی دیکە نەمان بەنەوە بۆ ناو قەسابخانەکانی گۆڕە بە کۆمەڵەکان و شانزەی سێ, وەك دەبینین بەردەوام لەناو بازنەکەداین, لە کاتێکدا نە قەرەبو کراوینەتەوە نە داوای لێبوردنیشمان لێکراوە, نە وڵاتیش بۆتە ئەندامی دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی, بۆیە روداوە تاڵەکان رابردوو لە ژینگەیەکی وادا ئاساییە دوبارە ببنەوە, وەك بەردەوام دوبارە دەبنەوە لە شەنگالەوە بۆ دوز و لە داهاتووشدا بۆ ناوەکانی دی, ڕاستە ئەمانە رابردوو ناگۆڕن و ژیان بۆ قوربانیان ناگەڕێننەوە, وەلێ ژیان بۆ داهاتوو دور لە تاوان مسۆگەر دەکەن, قوربانیان هەست بەوە دەکەن گوێبیستی داواکارییەکانیان بوونە.

قەرەبووکردنەوە کەرامەتی مرۆڤایەتی و هەندێك لە زیانە مادیەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ قوربانیان, بۆ ئەوانەی مافیان پێشێل کراوە, بۆیە مافی قەرەبوو مافێکی بێ ئەملاو ئەولای سازش هەڵنەگرتووی قوربانیانی کوردستانە, کەسیش بۆی نییە بە ناویانەوە ئەو سازشە بکات ئەگەر لە ترۆپکی دەسەڵاتیش بێت, دەبێت تەنها خۆیان لە بەرامبەر ئەو زیانانەی پێیان گەیشتووە بەم کارە هەڵبستن.

دەوڵەتی ئەنجامدەری تاوان کە عێراقە نابێت لە بەرپرسیارێتی کارەکانی ڕابردووی تاوانەکان هەڵبێت, عێراقی ئێستا کە داوای لێبووردن دەکات و قەربووی قوربانیان دەکاتەوە, لە بەر ئەوە نییە بەرپرسە لە تاوان و هەڵەکان ڕابردووی سەدام, بەڵکە لە بەر پابەند بوونیەتی بە بەرژەوەندی گشتییەوە و کارکردنیەتی بۆ دووبارە تێکەڵکردنەوەی قوربانیەکانە بەکۆمەڵگاو گەڕاندنەوەی کەرامەتە بۆیان و متمانەیان دەداتێ بەوەی عێراقی داهاتوو ئەوەی رابردوو نییە, لە تاوانەوە گواستراوەتەوە بۆ پۆزش هێنانەوە, لە ئەنجامدانی جینۆسایدەوە هاتۆتە سەر واژۆکەرانی پەیماننامە نێودەوڵتیەکانی بەرپرسیارێتی لە بەرامبەر تاوانە مەزنەکان, تا ئەمانە نەکات یانی

دوباره بونەوەی تاوان لەکات و ساتدایەو هیچ گۆڕانکاریەك نەکراوە, وەك تا ئێستا لە ناو بازنەی رابردوودابین.

بە داوی لێبوردن کردن بەرپرسیارێتی هەڵگرتنی ئەو تاوانە گەورانەی لە ڕابردوودا ئەنجامدراون, تاکە زەمانەتی هاوسەنگی ڕاگرتنە لە نێوان مافی قوربانیان و بەرپرسیارێتی تاوانکاران, دەوڵەت بەردەوام دەبێت لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی سیاسەت و کاری فەرمانڕەواکانی پێشووی خۆی, ئەو بەرپرسیارییەتیە مانای تاوانبار بوون ناگەیەنێت, بەڵکە خۆ پاککردنەوەو شۆردنەوەیە لێی, پاککردنەوەی دەوڵەت و خودە لەو ڕابردووە تاڵە خوێناوییە پڕ لە تاوانە کە لەم وڵاتە رویانداوە, شۆردنەوەی وڵاتە لە شوێنەوارەکانی تاوان دڕندەیی رابردوو, ئەمە لە باشووری ئافریقیا و شیلی و ئاڵمانیاو ..تەواوی ئەو وڵاتانەی گۆڕانکاری تیایاندا ئەنجامدرا لە پاش دەسەڵاتی نازیزم ئاپارتاید و دیکتاتۆریەت پەیرەو کرا, کوردیش چاوەڕوانی دەکات لە ئێراقی دوای سەدام حوسێن کە ئێستا ئێوەی بەڕێز سەرۆك و سەرەك وەزیرانین ببێتە پرنسیبێکی دەسەڵاتداریەتی داهاتوو, ئەوەی لە عێراق کراوە کەمتر نییە لەوەی لەو وڵاتانە کراوە.

سەرۆکی شیلی Ricardo Lagos هەڵستا بە ناردنی نامەی پاساو هێنانەوەی کەسی یان داوای لێبوردنکردن بۆ سەرجەم کەسوکاری قوربانیانی دەست ڕژێمی سەربازی پێشوو بە سەرکردایەتی بینۆتشە, ئەم پرۆسەیە لە ساڵی 1996 ەوە بۆ 2008 درێژەی کێشا, کەچی سەرۆك کۆمار خۆی قوربانی و نەیاری ئەو دەسەڵاتە بوو کە تاوانی ئەنجام دابوو, ئەو نامانەی ناردی بۆ سەرجەم قوربانیان ئەویان نەکردە تاوانبار, بەڵکە نامەکانی وڵاتی لە تاوانەکانی بینۆتشەی تاوانبار شوشتەوەو ناشرینیەکانی پاککردەوەو خۆشی بردە ریزی سەرکردە مەزنەکانەوە, بۆیە دەبێت عێراق لە تاوانەکانی سەدام حوسێن بشۆردرێتەوە, بۆ ئەوەی ئەوکارە بکرێت پێویستمان بە مرۆڤە بۆ مێژوو.

قوربانیانی دەستی ڕژێمی نازی ئاڵمانیاش, لە پاڵ قەرەبووی مادی, هەر یەکەیان نامەی سەرۆك کۆمار یوهانز راو" 1931-2006" لە پارتی سۆسیال دیموکرات یان پێگەیشت, کە لەساڵی 1999 ەوە بۆ 2004 سەرۆك کۆماری وڵات بوو, لە نامەکەیدا داوای لێبوردنی لە قوربانیانی دەسەڵاتی نازی هیتلەر کردبوو."تعويز العمال الاسترقاقيين والقسريين فى المانيا النازيه-يونامى", لە دوا هەڵوێستیشدا بڕیار درا جووە جەزائیریەکان کە زۆرینەیان لە فەرەنسا دەژێن, ئەوانەی لە مەحرەقە رزگاریان بووە, هەر یەکەیان بە 2300 ئیرۆ قەرەبوو بکرێنەوە, هەروەسا سەرۆکی

ئەڵمانیا یواکیم غاوك 1940, سەرۆك لە ماوەی 18-3-2012 بۆ 18-3-2017 دانی بەوەدا نا کە ئەڵمانیا بەرپرسیارێتی بەشێك لە جینۆسایدی ئەرمەنی دەکەوێتە ئەستۆ.

ساڵی 2008 ئەنغێلا مێرکل داوای لێبوردنی لە ئیسرائیل کرد بەرامبەر بە هۆلۆکۆست, وتی ئەڵمانیا هەست بە شەرمەزاری دەکات, وە ساڵی 2004 غێرهارد شرۆدەر داوای لێبوردنی لە گەلی روسیا کرد بەرامبەر بە تاوانەکانی نازیەت.

هەرچەندە ئەڵمانیەکان هێشتا زۆر برینی گەلان ماوە سارێژی بکەنەوە, لە نیسانی 1941 نازیەکان یۆنانیان داگیرکرد, ئاڵای خۆیان لەسەر ئەکرۆبۆلیس هەڵکرد, لە دوای سێ ساڵ و نیو داگیرکاری وڵاتیان بە کەلاوەیی بۆ یۆنانیەکان جێهێشت, لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە, یۆنانیەکان داوای قرەبوو دەکەنەوە لە دەسەڵاتداری ئەڵمانەکان وەك جێماوی یاسایی رژێمی هیتلەر, حکومەت و پەرلەمانی یۆنانی داوای 300 ملیار دۆلار قەرەبوکردنەوە دەکات, تا ئێستا یۆنانیەکان تەنها 115 ملیۆن مارك و 25 ملیۆن دۆلاریان وەك قەرەبوو وەرگرتووە, کە پێی رازی نین, پۆڵۆنیەکانیش هەمان داواکارییان لە ئەڵمانەکان هەیە.

لە تەیموری رۆژهەڵاتیش گەل داوای قەرەبووی ماوەی داگیرکاری کردووە لە دەسەڵاتی ئەندەنوسی لە پاڵ قەرەبووی پێشێلکارییە گەورەکان, ئەمەش بۆ گەلی کوردستان جێگای هەڵوێستەیە و پێویستە وانەی لێ وەرگرێت, لەوکاتەی کاتی سزادانی بکەرانی داگیرکاری وەك کۆیلەداری ئێستا دوای دیاردەی جۆرج فلۆید لە ئەمەریکا هاتە پێشەوە, لە ماوەی رابردوودا بێ ویستی خۆی داگیر کراوەو سامانەکەی تاڵان کراوە, دەبینین هەنووکە وڵاتانی کاریبی تەنها بە داوا لێبوردنکردن رازی نابن, لە پاڵیدا داوای قەرەبووکردنەوەش دەکەن لە وڵاتانی بەریتانیاو فەرەنساو پورتوگال لە هەمبەر سەردەمی کۆیلەداری.

شیراك سەرۆکی کۆچکردوی فەرەنسا داوای لێبوردنی کرد لە بەرامبەر دەستگیرکردنی 13 هەزار جولەکە لە پرۆسەی ئەلفیل دیف لە ساڵی 1942 لە میانی جەنگی جیهانی دووەم و پاشان بە کۆمەڵ کوشتنیان لە لایەن هیتلەرەوە, هەرچەندە ئەو وەك بیروباوەڕ و پرۆسە لێی بێبەرییە, لێ بەرامبەر کۆمەڵکوژی جەزائیرییەکان نکۆڵی کرد, لێ ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسا سەبارەت بە جەزائیر وتی نە نکۆڵیکردن وە نە داوای لێبوردن کردن, وەلێ ئەنجومەنی یاسایی فەرەنسا لە 8ی شوباتی 2018 بڕیاریدا هەموو قوربانیانی جەنگی نێوان ساڵانی 1954 بۆ 1962 کە لە جەزائیر ژیاون لەو کاتەدا قەرەبو بکرێنەوە, هەرچەندە هێشتا فەرەنسا دانی بە هەقیقەتی یاسایی تاوانەکانی خۆی لە جەزائیر نەناوە کە ملیۆن و نیوێك

قوربانی لێکەوتۆتەوە, تەنانەت جەزائیریەکان نەك داوای لێبوردن و قەرەبووی تاوانەکانی سەردەمی داگیرکاری دەکەن, بگرە داوای قەرەبووکردنەوەی روداوی تاقیکردنەوی چەکی ناوکی لە ناوچەی رقانی وڵاتیش دەکەن, بە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی هەژماریان کردووە کەلە لایەن فەرەنسیەکانەوە ئەنجامدراوەو قوربانی سڤیلی لێ کەوتۆتەوەو ژینگەی تێکداوە.

هەروەها رواندیەکانیش چاوەڕوانی داوای لێبوردنن لە فەرەنساوە, لەسەر کۆمەڵکوژی توتسیەکان لە لایەن هۆتسیەکانەوە, تۆمەتبارە بە دەست تێکەڵکردن لە گەڵیان کە لە 6ی ئەبرێلی 1994 کۆمەڵکوژییەکە تا 4ی تەموزی هەمان ساڵ بەردەوام بوو, رۆژانە 10 هەزار توتسی دەکوژران, لەم کۆمەڵکوژییەدا 70%یان کوژران.

لە ساڵی 2008 عەبدالعەزیز بلخادم ئەمینداری گشتی بەرەی ئازادیبەخشی جەزائیری داوای لە فەرەنسا کرد داوای لێبوردن بکات وقەرەبووی 132 ساڵ داگیرکاری و کۆمەڵکوژیان بکاتەوە, کە لە رێکەوتی 19-3-1962 شەڕ کۆتایی هات, تەنانەت فەرەنسا تاکو ساڵی 1999 دانی نەنا بە بوونی شەڕەکەش, هەڵوێست وەرگرتن لە بەرامبەر رابردووی داگیرکاری جەزائیر سەختە بۆ سیاسییەکان, چونکە لەناو فەرەنسا 7 بۆ 8 ملیۆن کەس پەیوەندی راستەوخۆیان بە شەرەکەوە هەیە, ئەمانەش لە هەڵبژاردندا هێزێکی مەزنی دەنگدەران پێك دەهێنن, بەسەر نەیارو لایەنگردا دابەش بوونە.

لە سیرالیۆنیش لە ساڵی 2010 سەرۆکی وڵات بە شێوەی فەرمی داوای لێبوردنی لەو ژنانە کرد کە قوربانی ململانێ چەکداریەکان بوون, لە کەمبۆدیا سەرباری ئەوەی ناوی قوربانیان لەسەر ماڵپەڕی دادگای نێونەتەوەیی کەمبۆدی بڵاو کرایەوە داوای لێبوردنیشیان لێکرا.

لە 23ی نۆڤەمبەری 2011 ەش ئەردۆگان بە فەرمی لە بەرامبەر تاوانی جینۆسایدی دەرسیم لە بری دەوڵەتی تورك بە شێوەی زارەکی داوای لێبوردنی کرد, بەڵام داوای لێبوردنەکان پێویستە بە نووسراوبن و بڕیاری فەرمییان بۆ دەربچێت و هەڵوێستەکان دوربن لە بەرژەوەندی سیاسی, لە ویژدانەوە دەرچوبێت, ئەگەر مامەڵە وەك تاوان دەکات ئەوا پێویستە دان بە جینۆسایدی ئەرمەنیەکانیش بنێت و کۆتایی بە سەردەمی نکۆڵی کردن بهێنێت, کۆتایی بهێنێن بەو جەنگە سەختەی لە بەرامبەر دەرخستنی حەقیقەتی یاسایی کۆمەڵکوژی ئەرمەن گرتویەتیە بەر, ملکەچی حەقیقەتە مێژوییەکان بێت,تەنانەت ئەردۆگان بە توندی رەخنەی گرت لە نامەی 200 ئەکادیمی و رۆژنامەنووسی تورکی کە لە ساڵی 2008 کە داوای لێبوردنیان لە ئەرمەنەکان کردبوو.

تۆنی بلێر سەرەك وەزیرانی پێشوی بەریتانیا داوای لێبوردنی لە سەردەمی كۆیلەداری كرد, ساڵی 2016  بەریتانیا داوای لێبوردنی لە هیند كرد.

ماندێلا داوای لێبوردنی لە قوربانیانی كردارە سەربازییەكان سەردەمی خەبات دژ بە ئاپارتاید كرد.

لە  ساڵی 1998 دا بیل كلنتۆن لە سەردانی  بۆ  وڵاتی رواندا داوای لێبوردنی لە رواندییەكان كرد, بەهۆی هەڵوێستی حكومەتی ئەمەریكاوە لەو گەل كوژیانەی لەو وڵاتە رویان دا, هەروەها بەرامبەر شەڕی قڕێژ لە ئەمەریكای ناوەندیش داوای لێبوردنی كرد, ئۆباماش دانی نا بە شەڕی قڕێژ بەرامبەر بە كوبا, پیرۆ, ئەرجەنتین, هەروەها جۆرج بۆشی باوك  داوای لێبوردنی لە ئەمەریكیە بنەچە یابانییەكان كرد  كە لەسەر بنچینەی ژاپۆنی بوون دەستگیر كرابوون لە كاتی جەنگی جیهانی دووەم, وە قەرەبووشیانی كردەوە, دوای لێدانی بیرل هابەر لە لایەن ژاپۆنیەكانەوە, 110 هەزار ژاپۆنی لە ئەمەریكا نێردران بۆ زیندانەكان وەك تێكدەر و سیخوڕ, وێڕای نەیاری وەزارەتی دادی ئەمەریكی , بەڵام هێشتا لەسەر هیرۆشیما داوای لێبوردن نەكراوە, كەچی  ئیدارەی ترامپ پێی وابوو دان نان بە هەڵە لایەنی لاوازی ئەمەریكا دەردەخات, وتیان ئێمە شانازی بە مێژوومانەوە دەكەین, راستگەرای نەتەوەیی سپی پێستی باڵا كۆیلەی رابردووە ناشرینەكانە.

حكومەتی ژاپۆنی داوای لێبوردنی كرد لە كۆری و چینیەكان, هەموو دەیەیەك سەرۆك وەزیرانی ژاپۆنی داوای لێبوردنەكەیان دووبارە كردۆتەوە لە بەرامبەر ئەو تاوانانەی لە جەنگی جیهانی دووەم ژاپۆن بەرامبەر دراوسێكانی ئەنجامی داوە.

ساڵانە برینی چینی و كۆرییەكان دەكولێتەوە, كە قوربانی لەسەر مۆنمێنتی یاسۆكۆنی دەكرێتەوە, یاسۆكۆنی  هێمای نەزعەی رابردووی سەربازی ژاپۆنیەكانە.

 شینزۆ ئەبی سەرۆك وەزیرانی ژاپۆن,  رەتی كردەوە  سەبارەت بە دۆسیەی ژنانی رابواردن داوای لێبوردن لە كۆریەكان بكات, وەلێ سەرۆك  وەزیرانی ژاپۆن تۆمیشی مۆرایاما لە 15ی ئۆگستسی 1995 بە بۆنەی 50 ساڵەی كۆتایی جەنگی جیهانی دووەمەوە لە بەیاننامەیەكدا داوای لێبوردنی لە هەموو ئەوانە كرد چ وڵاتەكەیانی داگیر كردووە وە یان  وڵاتەكەی لە میانی  جەنگدا زیانی پێ گەیاندوون, ژاپۆن  و كۆریای باشور پەیوەندی بەرزی ئابووریان هەیە, بەڵام شەڕیان لەسەر یادەوەریەكانی رابردووە, ئەمەش كاری لەسەر ئەو پەیوەندییە ئابوورییە زەبلاحە داناوە, كێشەی ژنانی رابواردن  بەردەوام سەر هەڵدەداتەوە, هەرچەندە لە ساڵی 1965  لەسەری رێكەوتوونە و ژاپۆن بە بڕی 9,3 ملیۆن دۆلار قەرەبویانی كردۆتەوە, كۆریەكان داوای قەرەبوو  بۆ ئەو كرێكارانەش دەكەن, كە ژاپۆنیەكان بە سوخرە كاریان

پێکردوون, هەرچەندە ئەو کرێکارە کۆریانەی بردران بۆ کاری زۆرە ملێ لە ژاپۆن, دواجار بونە ناوکی گەشەی ئابووری کۆریا.

سالانە لە 13ی دیسەمبەر, چینیەکان یادی کۆمەڵکوژی 300 هەزار هاوولاتی سڤیلی نانجینگ لە ساڵی 1937 دەکرێتەوە بە دەستی ژاپۆنیەکان, لە نانجینگ وێڕای کۆمەڵکوژی 300 هەزار هاوولاتی 20 بۆ 80 هەزار ژنیش لاقە کراون .

کۆری و چینیەکان وێڕای پەیوەندی ئابووری زەبلاحیان لە گەڵ ژاپۆنیەکان بەلام لە بیرنەکردنی رابردوو وەك پاراستنی کەرامەتی ئەمڕۆ سەیر دەکەن.

لە فبرایری 2008دا سەرۆك وەزیرانی پێشوی ئوستralیا کیفن رود داوای لێبوردنی کرد لە هەمبەر تاوانێك کرد کە بەرامبەر هاوولاتیانی رەسەنی ئوسترالیا بە تایبەت دزینی 17000 لە منداڵەکانیان,

بەلام سەرۆك وەزیرانی ئوسترالیا رەتی کردەوە داوای لێبوردن لە هاوولاتیانی رەسەنی ولاتەکەی بکات, وتی نابێت نەوەی ئێستا لێپرسینەوەی بەرامبەر بە کاری نەوەی رابردوو لە گەڵدا بکرێت.

لە کەنەداش پەیکەری یەکەم سەرەك وەزیرانی ولات جۆن مەکدۆناڵد شکێنرا, بەهۆی سیاسەتی پڕ لە زەبرو زەنگی بەرامبەر بە هاولاتیانی رەسەنی کەنەدا, کە لە نێوان 1863 بۆ 1896 سەرەك وەزیرانی کەنەد بووە, بە زۆر 150000 منداڵی لە هاوولاتیانی رەسەنی کەنەدی لە خێزانەکانیان سەندووەو ناردویانیەتە 130 قوتابخانەی تایبەتەوەو لە بەشی ناوخۆیی زیندانیانی کردووە, زۆربەیان لەو ماوەیەدا ئەشکەنجە دراون, تەنانەت هەندێکیان مردوونە, ناوی 2800 کەسی لەو قوربانیانە ئاشکرا کراوە, زمانی رەسەنیان لێ قەدەغە کراوە و کلتوریشیان یاساغ کراوە, ساڵی 2008 سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتی کەنەدا ستیفن هاربەر داوای لێبوردنی لێیان کرد, هاوکات قەرەبووی قوربانیانیش لە روی مادیەوە کرایەوە بە 2,3 ملیار دۆلار, لە ساڵی 2017 سەرۆك وەزیران جاستن ترۆدۆ داوای کرد پاپای ڤاتیکانیش هاوشێوە داوای لێبوردن بکات, بەهۆی هەڵوێستی ئەوکاتی کەنیسەوە, لێ سەرۆك وەزیرانی نەمسا سیباستیان کۆرتز داوای لێبوردنی کرد سەبارەت بە پێشوازیکردنی ولاتەکەی لە سوپای هیتلەر.

بە پێچەوانەی نموونەکانی سەرەوە حکومەتی راستگەرای پۆڵەندا سزای 3 ساڵی دانا بۆ ئەوانەی پۆڵەندیەکان بە هاوبەش دادەنێن لە تاوانی هۆلۆکۆست و دان دەنێن بە رۆڵیان لە تاوانەکە, ئەمەشیان بە داکۆکی لە کەرامەتی نیشتمانی دانا, بۆخۆی ئەمەش داکۆکییە لە هاوبەشانی تاوانەکانی نازیەت, برلسکۆنیش داوای لێبوردنی لە گەلی

لیبیا کرد بەرامبەر بە تاوانەکانی رابردوو, سەرۆکی مەکسیك ئەندریس مانۆیل لۆبیز داوای لە ڤاتیکان و ئیسپانیا کرد دان بە پێشێلکاریەکان رابردوو بنێن و داوای لێبوردن بکەن بەرامبەر بە هاوولاتیانی رەسەنی مەکسیك زیاتر لە 500 ساڵ لەمەوپێش کۆمەڵکوژیکران بە شمشێر و خاچ, هەرچەندە پاپا داوای لێبوردنی لە هاوولاتیانی رەسەنی ئەمەریکای لاتین کردووە لە بەرامبەر کۆمەڵکوژکردنیان.

تشارلز میشیل سەرۆك وەزیرانی بەلجیکا و کەنیسەی کاسۆلیکی داوای لێبوردنی کرد بەرامبەر رفاندنی بە زۆری زیاتر لە بیست هەزار منداڵی بە بنەچە تێکەڵ لە ژنانی وڵاتانی بۆرندی و رواندا و کۆنگۆی دیموکراتی و پیاوانی بەلجیکی, تەنانەت دوای رفاندنیان زۆرینەیان ناسنامەی بەلجیکیشیان پێ نەدرا, تا هەنووکە دایك و باوکی خۆشیان نەدۆزیوەتەوە, دوای سێ چارەکە سەدە, هێشتا بەلجیکا داوای لێبوردنی بەرامبەر کوشتنی 10 بۆ 15 ملیۆن کۆنگۆیی نەکردووە.

ئەمەو نموونەی زۆری دیکە لە بەردەستدان و نموونەکانیش هەمیشە لە زیادبوندان چونکە سەردەم سەردەمی داوای لێبوردن کردنە لە رابردووە تاڵەکان, سەردەمی بە مرۆڤ بوونە بەرامبەر بە دڕندەییەکان رابردوو, سەرەمی ساڕێژکردنەوەی ئازارەکانە.

ئەو قەرەبووە مادیانەی بە بێ یاسا و ئاشکراکردنی ڕاستیەکان و داوای لێبوردنکردن لە لایەن دەوڵەتی بکەری تاوانەوە دەبەخشرێت وەك خوێن بایی و هەوڵی کڕینی دەنگی قوربانیان تەمەشا دەکرێت لە بڕی سڕینەوەی رابردووی خوێناوی, کورد پێویستی بە خوێن بایی عێراق نییە, بەڵکە چاوەڕوانی ئەوەیە دەوڵەتی بکەری تاوان بە فەرمی لە رێگای بەرپرس و سەرۆکەکەیەوە بە بڕیاری رەسمی داوای لێبوردنی لێ بکات, بەڕێز بەرهەم ساڵەحیش کە هەنووکە لە سەروی فەرمەنڕەوایی ئێراقەوەیە و کازمیش سەرۆك وەزیرانە ئەرکە لەسەریان بەمکارە هەڵبستن, وەك ئەو سەرۆك وەزیران و سەرۆکانەی ئاماژەمان بە ناوەکانیان دا, بە ناوی دەوڵەتی عێراقەوە نامە بۆ یەك بە یەکی قوربانیانی جینۆساید و پێشێلکارییە زەقەکانی رابردوو لە کوردستان و عێراق بە تایبەتی و سەرجەم قوربانیان بە گشتی بە بێ جیاوازی نەتەوەیی و ئاینی بنێرن, ئەمە وەك تاك وەك نەتەوەش داوای لێبوردن لە کورد و تورکمان و ئاشور و کلدان و شیعە و کریستان و ئێزیدی و سائیبە .... بکرێت, هیوادارم بەم ئەرکە هەڵبستن و هەڵەکانی تاڵەبانی و بارزانی و مەعسوم و عەلاوی و عەبادی و مالکی و عادیل مەهدی دوبارە نەکەنەوە.

چاوەڕوانین هەموو قوربانیانی جینۆساید و تاوانی جەنگ و تاوانی دژ به مرۆڤایەتی و پێشێلکاری گەورە له کوردستان و عێراق له جەنابی سەرۆك و سەرۆك وەزیرانەوه نامەی داوای لێبوردنیان پێ بگات له زوترین ماوەدا, له یادەوەری 33 ساڵی تاوانی جینۆسایدی کوردستاندا, ئەوه گەورەترین پەیام و بەرزترین دڵنەوایی و چاکترین هەنگاوی پاککردنەوەی رابردووە, ئەگەر بەو ئەرکە هەڵنەستن بە ئەرکی ئەخلاقی و ویژدانی خۆتان هەڵنەستاون له کاتێکدا زانیاری تەواوتان لەسەر ئەو نموونانەی هەژمارم کردو مافی قوربانیان و رۆڵی قەرەبووکردنەوەو داوای لێبوردنکردن له سارێژکردنی برینەکان رابردوو هەیە.

داوای لێبوردنکردن بەشێك له برینەکانی قوربانیان سارێژ دە کات, چاککردنی پەیوەندی تەنها به داوای لێبوردن کردن و دادگاییکردنی تاوانباران و قەرەبووکردنەوەو زەمانەتی دووباره نەکردنەوەی تاڵیەکان دەبێت, نەك بەناوچەوان ماچکردن و وتەی سۆزداری هەنووکەیی.

فەرموون له یادەوەری 33 ساڵەی تاوانی ئەنفال و هەڵەبجەدا, داوای لێبوردن بکەن.